# "نازدارەكانیش مافیان لەسەرمان هەیە"

## ( پرۆژەیەك بۆ هاندانو پشتیگریی قوتابیان بۆ تەواوكردنی خوێندنی زانكۆ)

ئەمڕۆ 18ی 7ی 2017 ، بە ئامادەبوونی بەڕێزان كاك د.موحەممەد هاودیانی، وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتیو م.عومەر گوڵپی، بەڕێوەبەری گشتی چاودێرییو گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانیو هەریەكە لە بەڕێزان سەرۆكو نوێنەرانی سەرۆكی زانكۆ بەشدارەكان، پرۆژەی (نازدارەكانیش مافیان لەسەرمان هەیە) ڕاگەیەنرا، كە پرۆژەیەكە بۆ پشتگیریكردنی گەنجان بۆ تەواوكردنی خوێندنی زانكۆ لە ڕێگەی تەرخانكردنی كورسی خوێندن بێ بەرانبەر بۆ دەرچووانی ئامادەیی لەلایەن هەرسێ زانكۆی (گەشەپێدانی مرۆیی، كۆمار بۆ زانستو تەكنەلۆجیا، جیهان)ەوە.

## ناوەڕۆكو ئامانج:

پرۆژەیەكی هەمانگیە لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریو گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لەپارێزگای سلێمانیو زانكۆكانی (گەشەپێدانی مرۆیی، كۆمار بۆ زانستو تەكنەلۆجیا، جیهان)، ئامانجی پشتگیریكردنی منداڵانی نازدار (منداڵانی بێ سەرپەرشت)ە بۆ تەواوكردنی خوێندن لە زانكۆی ئەهلی بە تەرخانكردنی كورسی خوێندن بێ بەرانبەر بۆیان.

## ئەركی هەر لایەنێك لە پرۆژەكەدا:

ئەركی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێرییو گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی بریتییە لە سەرپەرشتیكردنی پرۆسەكەو پاڵاوتنی قوتابیانی شایستە بە پێی یاساو ڕێنمایو مەرجەكانی وەرگرتنی خوێندنی باڵا، ئەركی زانكۆ ناوبراوەكانیش بریتییە لە تەرخانكردنی كورسی خوێندن بێ بەرانبەرو بەخشینی ئەو گەنجانەی لە ڕێگەی پرۆژەكەوە دەپاڵێورێن لە كرێی خوێندنی ساڵانە بە درێژایی تەواوكردنی هەر چوار قۆناغەكەی زانكۆ.

## ئەو گە نجانەی سودمەند دەبن:

پرۆژەکـە تایبەتـە بـە (منـدالآنی خانـەکانی نەوجـەوانان) و ئـەو منداڵـە نازدارانـەی لـە فەرمانگـەکانی کۆمەلآیەتی تۆمارن‌و هەر منداڵێکی تری نێو کۆمەڵگە کە مەرجە یاساییەکانی (بێ سەرپەرشـت)ی تێـدا بەدی بێت‌و تەمەنی 18 ساڵی‌و قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکات‌و بە دوای هـەلێکی خوێنـدن دەگـەڕێت لـە زانکۆ پاشئەوەی هەلی خوێندنی لە زانکۆی حکومی بە پێی خواستی خۆی بۆ فەراهەم نابێت.

## شێوازی پالآوتن:

لە کاتی بوونی زیاتر لە داواکارێکدا، سودمەندان لە ڕێگەی فۆرم‌و کێبرکێـوە دەپـاڵێورێن، بـەجۆرێك خاڵـە جیاکەرەوەکان ڕۆڵێکی گـرنگ دەگێـڕن لـە پێشخسـتنی کەسـێك‌و بـێ بەشـبوونی قوتابیـەکی تـر، خاڵـە جیاکەرەوەکانی وەك: لە دەستدانی هەردوو دایك‌و باوك، هەژاری، نمـرەی ئامـادەیی، .. . ئـەوەش لـە ڕێگـەی پرۆسەو پرۆگرامێکی روون‌و دادگەرەوە، فۆرمەکە سەرەڕای بلآوکردنەوەی لە سـایتی فـەرمی بەڕێوەبەرایـەتی گشتی، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرێتییەکانی چاودێری کۆمەلآیـەتی لـە شـارو شارۆچـەکەکان دەسـت دەکـەوێت‌و لەلایەن داواکارەوە پڕ دەرکرێتەوە.

## مەرجی بەشداری‌و پێشکەشکردنی داواکاری:

ئەو قوتابیانەی دەتوانن سود لەم دەرفەتە وەربگرن بریتین لە دەرچووانی ئامادەییەکان لەو منـدالآنەی کـە تـا تەمەنی 18 ساڵی بە پێی یاسا بە (بێ سەرپەرشت) ئەژماردەکرێن، هەروەها ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ وەرگرتنی هەر خوێندکارێك لە زانکۆ، واتە پێویستە ئەو خوێندکارەی داوا پێشـکەش دەکـات بتوانێـت لـە ڕووی یاساییەوە بگاتە مافی شایستەبوون بە خوێندن لە یەکێك لە کۆلێجەکانی ئەو سێ زانکۆیە، پاشان لە کرێی خوێندنی سالآنە بۆ هـەر چوارسـاڵەکە دەبەخشـرێت، کۆتـا مـەرجیش دانیشـووی سـنوری پارێزگـای سلێمانی‌و دەوروبەری بێت.

## کاتی دەستپێکردن:

**ئەم دەرفەتە لە ساڵی خوێندنی 2017 – 2018 جێ بەجێدەکرێت.**

**تێبینی/ بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاترو دەستکەوتنی وەڵامی هەر پرسیارێکی تر، هاووڵاتیانو داواکاران دەتوانن بە پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی‌و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی بکەن بەم ناونیشانە:**

**ـ سلێمانی، خوار ئامادەیی هەڵکەوتی کوڕان، یان دوو کۆڵان پشت پارکی دایك، نزیك نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی.**

**ـ ژمارە تەلەفوون:** 053,3230318 ، 053,3230319.

**ـ ناونیشانمان لە ئینتەرنێت:** www.socialsuli.com.

**ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی‌و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی**

**18ی 7ی 2017**